# چەند کۆپلە شیعرێکی لانگستۆن هیوز

**لە ئینگلیزییەوە: عەزیز ڕەئووف**

لانگستۆن هیوز، شاعیر و ڕۆماننووس و درامانووسی بەناوبانگی ئەمریکییە. ئەم نووسەرە ڕەشپێستە دەستێکی گەورەی هەبوو لە کاڵکردنەوەی ڕاسیزم لە ئەمریکادا. ئەو لە مارتی 1902 لەدایکبووەو لە ئایاری 1967 کۆچی دوایی کردووە. بە بۆچوونی زۆرێك لە ڕەخنەگران (هیوز) بە یەکێك لە شاعیرە یاخییەکانی سەدەی بیستەم دادەنرێت.



**ڕێبوارانی کازیوە**

لە کازیوەی بەیانیدا پیاسە بکە
لەگەڵ خۆرو بەیانیدا پیاسە بکە
ئێمە لە شەو ناترسین
نە لە ڕۆژ و نە لە تاریکی
لەگەڵ خۆر و بەیانیدا پیاسە بکە.

**خەڵکانی من**

شەو جوانە
وەك ڕووخساری خەڵکانی من

ئەستێرەکان جوانن
وەك چاوانی خەڵکانی من

هەروەها خۆریش جوانە
وەك ڕۆحی خەڵکانی من

**خەوبین**

هەموو خەونەکانتم بەرێ
تۆ خەوبینی
هەموو میلۆدییەکانی دڵتم بەرێ
با هەڵیانگرم
لە جلێکی هەورینی شیندا

دوور لە پەنجە زبرەکانی جیهان

**من، هەروەها**
من هەروەها گۆرانی دەڵێم بۆ ئەمریکا
من برایەکی ڕەشترم
ئەوان ناردیانم تا لە مەتبەخ نان بخۆم
کاتێك هاوڕێ گەیشت
باشم خوارد
بەهێزیش بووم..

**سبەی**
من لای مێزەکە دەبم
کاتێك هاوڕێ گەیشت
کەس ناوێری پێم بڵێ
« لە مەتبەخ نان بخۆ»

دوای ئەوە
ئەوان دەمبینن کە چەندە جوانم
شەرم دایان دەگرێت
من هەروەها، ئەمریکام..

**پیاوێکی گۆرانیبێژ**
لەبەر ئەوەی دەمم کراوەیە بۆ پێکەنین
لەبەر ئەوەی قورگم قوڵە بۆ گۆرانی
تۆ بیر ناکەیتەوە
کاتێك کە من خەمەکانم هەڵدەرگرم
خەمەکانم زۆر قورسن

لەبەر ئەوەی دەمم کراوەیە بۆ پێکەنین
تۆ گوێت لە گریانەکانی ناوەوەم نییە
لەبەر ئەوەی پێیەکانم
بە سەما ڕاهاتووە
تۆ نازانی کە من دەمرم
.........................

**سەرچاوە:**
American modern poetry 1981